# مافەکانی مرۆڤ لـــە روانگـــەی ئیسلامـــەوە

## تاریق مەلا تاهیر

ئایینی پیرۆزی ئیسلام ـ بەر لەوەی رۆژئاوا بێت و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ بکات جا چ لەلایەن " رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان " (منظمة الأمم المتحدة) بێت، یان لەهەر رێکخراو و دەزگایەکیتر بێت ـ پێش چواردە سەدە زیاتر داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ کردووەو رێزی لێگرتووە.

https://islamhouse.com/205246

- مافەکانی مرۆڤ لـــە روانگـــەی ئیسلامـــەوە

- مافەکانیمرۆڤ لەئاییینی ئیسلامدا لەدوو کۆلەگەیبنەڕەتیخۆیدەنوێنێ:
  - ١. بیروباوەڕی یەکتاپەرستی: (عقیدة التوحید)
  - ٢. ریزلێگرتنیمرۆڤ: (تکریم الإنسان)
- وە رێز لێگیرانی مرۆڤ لە ئایینی ئیسلامدا بە چەند شتێکە:
  - ١. خەلیفە بوونی لەسەر زەوی:
  - ٢. دروست بوونی بە جوانترین شێوە:
  - ٣. دروست بوونیبەشێوەیەکیتایبەت:
  - ٤.کڕنووش بردنی مەلائیکەتەکان بۆ مرۆڤ:
- مرۆڤ نە ئاژەڵە و نە خودایە .

- مرۆڤ دروست کراوی خوای گەورەیەو رێزی لێگیراوە
- شارستانیەتی رۆژئاوا و مافەکانی مرۆڤ
- ئایا ئەوە مافەکانی مرۆڤە؟
- پەراوێزەکان


## مافەکانی مرۆڤ لـــە روانگـــەی ئیسلامـــەوە

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

ئایینی پیرۆزی ئیسلام ـ بەر لەوەی رۆژئاوا بێت و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ بکات جا چ لەلایەن " رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان " (منظمة الأمم المتحدة) بێت، یان لەهەر رێکخراو و دەزگایەکیتر بێت ـ پێش چواردە سەدە زیاتر داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ کردووەو رێزی لێگرتووە.

بەر لەهاتنیئایینیپیرۆزیئیسلام، خەڵك نەیاندەزانیمافیان بۆ داندراوە،
ئەوەیدەیانزانیتەنها بریتیبوو لەوەیکەچەند ئەركێكیان لەسەرە، بەڵام نەیاندەزانیكەمافیان بۆ داندراوە، ئایینیئیسلام هات ومافەكانیمرۆڤیدیاریكرد، هەروەكو ئەرك و واجباتیشیلەسەر دانا، كەواتە: هەموو ئەركێك بەرامبەریمافە، وەهەموو مافێكیش بەرامبەریئەركە، هەر لەبەر ئەمەلەئیسلامدا تەكالیف داندراوەلەسەر ئەم دووشتە(الواجبات والحقوق) ، ئەركەكان و مافەكان، جا لێرەدا ئایینیئیسلام پێچەوانەیفەلسەفەیرۆژئاوایە...

بەڵێ رۆژئاوا هەمیشە بانگەوازو پڕوپاگەندەی مافەكان دەكات، بەڵام زۆر بایەخ نادات بەئەركەكان، هەر بانگەواز دەكا بۆ " مافەكانی مرۆڤ، مافەكانی منداڵ، مافەكانی ئافرەت، مافەكانی كرێكار، مافەكانی ئاژەڵ...

مافەکان مافەکان " هەروەك ئەوەی مرۆڤ تەنها مافیهەبێت و هیچ ئەرکی لەسەر نەبێت...

مرۆڤ لەئایینی ئیسلامدا دروست کراوی خوای گەورەیەو چەند ئەرکێکی شەرعی لەسەرە، هەر کاتێك ئەرکەکان جێبەجێ بکات، مافەکانیخۆی دەپارێزێت، وەئەوکاتە مافەکان دەپارێزرێت کەئەرکەکان جێبەجێ بکرێت، وەمافەکانی هەموو مرۆڤێك، ئەرکە لەسەر کەسانیتر، مافەکانی منداڵ لە چاودێریو بەخێوکردن وپەروەردەکردن و... هتد، ئەرکە لەسەر دایك و باوکی، وەمافەکانی دایك و باوك، لەچاکەکردن و یارمەتیدانیان و بەقسەکردنیان لەچاکەو... هتد، ئەرکەلەسەر منداڵەکانیان، وەمافی هەژارەکان ولێقەوماوان لەیارمەتیدانیان و هاوکاریکردنیان، ئەرکە لەسەر دەوڵەمەندەکان و دەسەڵاتداران، خوای گەورە دەربارەی خەسڵەتی خواناسان

دەفەرموێ : ﴿ وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَعْلُومٌ (٢٤) لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ (٢٥)
{المعارج:٢٤ـ٢٥}، وەمافیگەل و نەتەوەکان لەدادپەروەریو خزمەت کردنیان و دابین کردنی ئاسایش و ژیانێکی خۆشگوزەرانی... هتد، ئەرکە لەسەر سەرکردەو میرو فەرمانڕەواکانیان...

بەڵێ/ ئەو مافانەکاتێك دابین دەکرێت، کەئەرکەکان جێبەجێ بکرێت، ئەوەش فەلسەفەی ئیسلامە، کەگرنگی دەدات بەهەردوو لایەن لەژیانیمرۆڤدا، وەزۆر داکۆکی دەکات لەجێبەجێکردنی ئەرکەکاندا، پێشێل کردنی مافەکان بەجێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانە
.

پەیامی پیرۆزی ئیسلام هات و بڕیاری دا بۆ مافەکانی خەڵك بەگشتی، وەهەموو کەسێك مافیهەیە، ئەم بڕیارەشی کەدەرکرد

بێئەوەی هیچ شۆڕشێك لەدژی بەرپا بێت و
داوای مافەکانی مرۆڤ بکات، وەبێئەوەی هیچ
رێپێوانێك روو بدات و
داوای مافەکانی هەژاران و
چینیچەوساوەبکات، یان داوای مافەکانی
ئافرەت بکات.

بەڵێ/ ئایینی ئیسلام بڕیاریدا بۆ
مافەکانی مرۆڤ، بێئەوەی هیچ شۆڕشێك
ورێپێوانێك رووبدات، ئەو بڕیارەشی هەر
لەیەکەم ئایەتی قورئانی پیرۆز
گرنگی بەمرۆڤ داو رێزیگرت و
ئەرکی خوێندنی لەسەر دانا، هەرووەکو
دەفەرموێت : ( اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١)
خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ
(٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ
(٥) ) {العلق:١-٥}، وەهەر لەو کاتدا مرۆڤ
پلەو پایەی بەرزبۆوەو
قۆناغێکی نوێی بڕی لە ژیانیدا.

## مافەکانی مرۆڤ لەئایینی ئیسلامدا لەدوو کۆلەگەی بنەڕەتی خۆی دەنوێنێ:

### ١. بیروباوەڕی یەکتاپەرستی: (عقیدة التوحید)

کۆڵەگەی یەکەم بریتیە لە بیروباوەڕی یەکتاپەرستی، ووشەی "لا إله إلاّ الله" ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ جیهانەکی نویێ، بۆ لەدایك بوونەکی نویێ بۆ مرۆڤ، بۆ رزگارکردنی لە بەندایەتی بەندە بۆ بەندایەتی خوای گەورە، چونکە مرۆڤ بۆی نیە خۆی بکاتەخوای خەڵك و خەڵك بیپەرستن، پاشان مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەپەرستێ و دەیکاتەخوای خۆی! لەکاتێکدا کەهیچی لەو زیاتر نیەو هەروەکو وی دەمرێت و دەچێتەناو ئەو خاکەی کە لێی دروست بووە، هەروەکو خودا دەفەرموێت : ( مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَى ) [ طه : ٥٥] .

لەئیسلامدا خەڵك ـ لەسەر بنەڕەتیبڕوا ـ
هەموویان براو خوشكییەكن، دەگەڕێنەوەبۆ
باوك و دایكێك، كەباوكە(آدم) و دایكە(حوا) یە،
(سەلامیخوایان لێبێت)، وەهەموویان
بەندەییەك خوانە، هەر لەبەر
ئەمەپێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر
بێت) لەحەجی ماڵئاواییدا بۆ هەموو
خەڵكی راگەیاند، بۆ ئەو
خەڵكە زۆرەی كە كۆببونەوە، فەرمووێت : "
فإن دمائكم وأموالكم وأعراضكم عليكم حرام
كحرمة يومكم هذا في شهركم هذا وفي بلدكم هذا
... (١).

كەواتە/ رەوا نیەبۆ هیچ كەسێك دەست درێژی
بكاتەسەر خوێنی یەكێك، ژیانی یەكێك،
ماڵی یەكێك، ناموسی یەكێك، وەدەفەرموێت :
" يا أيها الناس، ألا إن ربكم واحد، وأباكم واحد،
ألا لا فضل لعربي على أعجمي، ولا عجمي
على عربي، ولا لأحمر على أسود، ولا أسود

على أحمر إلا بالتقوى "   (٢) ، واته:
ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان یەکە، وەباوکتان یەکە، عەرەب گەوەتر نیەلەسەر
غەیریعەرەب، وەغەیری عەرەب گەورەتر نیە لەسەر عەرەب، وەسوور گەورەتر
نیەلەسەر رەش، وەرەش گەورەتر نیە لەسەر سوور، مەگەر بەتەقواو لە خواترسان نەبێت.

وەخوداش دەفەرموێ: ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ) {الحجرات:١٣} ، واته: ئەی خەڵکینە، ئێوەمان دروست کردووە لەنێرو مێیەك و کردوومانن بەچەند گەل و نەتەوەو چەند هۆزو تیرەیەك، بۆ ئەوەی یەکتری بناسن وڕێز لەیەکتریبگرن، بەڕاستیبەڕێزترینتان لایخودا، پارێزگارترەکانتانن، وەخودا زاناو ئاگادارە.

بەڵێ/ لەو حەجە پیرۆزەدا، بەرامبەر ئەو هەموو خەڵکەدا، بەر لەوەیبچێتەخزمەت خودا، خزمەت (الرفيق الأعلى) ، پێغەمبەر (درودیخوایلەسەر بێت) ، بەیاننامەی کۆتایی بۆ موسڵمانان راگەیاند، کەهەموویان وەکو یەکن و نابێت کەس دەست درێژیبکاتەسەر یەك.

کەواتە/ بیروباوەڕی یەکتاپەرستی بناغەو کۆڵەگەییەکەمەبۆ چەسپاندنیمافەکانیمرۆڤ، بۆ ئەوەیدەرفەت نەدرێت بەفیرعەون وهاو وێنەیئەو بڵێت: ( أنا ربكم الأعلى ) من خوایهەرەگەورەتانم، یان نەمرود بڵێت: ( أنا أحيي وأميت ) منیش خەڵك دەژیێنم و دەمرێنم، ئەوەبوو هەستا یەکێکی کوشت و گوتی: ئەوەمراندم، وەبڕیاریدا یەکێك لەسێدارەبدریو پاشان لێی خۆشبوو گوتی: ئەوەژیاندمەوە، بۆیەنابێت دەرفەت بدرێت بەستەمکاران بەئارەزوویخۆیان دەست درێژی کەنەسەر

مافەکانی خەڵك، ئەوەش ڕاستیەکەو سەرەتایەکەبۆ ڕزگارکردنیمرۆڤ لەهەموو تاریکیو زۆرداریەك.

هەر لەبەر ئەمەدا پێغەمبەری خودا (درودیخوای لە سەر بێت) کەنامەی بۆ پاشاو میرەکان دەنارد، وەك قەیسەرو نەجاشیو موقەوقس، کۆتاییەکەی بەم ئایەتە پیرۆزە دەهێنا کە دەفەرموێ: ( قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ) [ آل عمران : ٦٤ ]، واتە: ئەی موحەممەد (درودیخوایلەسەر بێت) بەخاوەن کیتابەکان بڵێ: وەرن ئێمەو ئێوەلەسەر ئەو قسەیەیەکدەنگ بین و ڕێك کەوین، کەبۆ هەمووومان وەکو یەکە، تەنها خودا بپەرستین و بەهیچ شێوەیەك هاوبەشیبۆ پەیدا نەکەین، وەهێندێکمان هێندێك ـ جگەلەخودا ـ

هەڵنەبژێرین بۆ پەرستن، جا ئەگەر پشتیان تێکردوو هاوبەشیان بۆ خودا پەیدا کرد، پێیان بڵێ: ئێوەبەشایەتیدەگرم، کەوا ئێمەموسڵمانین و خودا دەپەرستین.

## ٢. ریزلێگرتنیمرۆڤ: (تكريم الإنسان)

کۆڵەگەی دووەم بریتیە لەرێزلێنانیمرۆڤ، ئایینی پیرۆزی ئیسلام رێزی لە مرۆڤ گرتووە، بەو شێوەیەی کە مرۆڤە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آَدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ) {الإسراء:٧٠} ، واتە: بەڕاستی ئێمە رێزمان لەنەوەی ئادەم گرتووە، وەلەوشکانیو دەریادا هەڵمانگرتوون، واتە" هۆکارەکانمان بۆ رەخساندوون بۆ ئەوەی بتوانن لەوشکاییو لەدەریادا پێی بڕۆن و گەشتی پێبکەن "

وەبەسەر زۆر لەدروست کراوەکانمان ڕێزمان گرتوون و پلەوپایەمان بەرزکردوونەتەوە.

ئەم ڕێزلێنانەش گشت مرۆڤەکان دەگرێتەوە، بەموسڵمان و بێباوەڕەوە،
چونکە لەئایەتە پیرۆزەکەدا دەفەرموێ: ( ولقد كرمنا بني آدم ) دیارە لەنەوەی ئادەمیش (هابل) یش هەیەو (قابل) یش هەیە، موسڵمانیش هەیەو بێباوەڕیش هەیە، کەچی دەفەرموێ: (ڕێزمان لەنەوەیئادەم گرتووە) کەواتە:
ڕێزلێگیرانیمرۆڤ گشتییەو سەرجەم مرۆڤەکان دەگرێتەوە.

## وە ڕێز لێگیرانی مرۆڤ لە ئایینی ئیسلامدا بە چەند شتێکە:

### ١. خەلیفە بوونی لەسەر زەوی:

مرۆڤ لەئایینی ئیسلامدا خەلیفەی خوایە لەسەر زەوی، خوای گەورە دایناوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی، هەروەکو دەفەرموێت: ( وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ) {البقرة:٣٠}، ئەوەش لەراستیدا پلەو پایەکی یەکجار گەورەیە، هیچ پلەیەك لەدونیادا لەمە بەرزتر نیە.

## ٢. دروست بوونی بە جوانترین شێوە:

خوای گەورە مرۆڤی دروست کردووە بە جوانترین شێوە، هەروەکو دەفەرمویٚ: ( لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ) {التين:٤}، یان دەفەرمویٚ : (خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ ) {التغابن :٣}، بەلاَم کاتێك کەلەبەر نامەی خودا لابداو، بەدوای ئارەزوو پەرستی بکەویٚ، زولْم

و زۆرداری بکا، ئەوا ڕێزەکەی دێتەخوارو
لەئاژەڵ و مەڕو ماڵآت کـەمتر دەبێت،
هــەروەکــو دەفــەرمــوێــت: ( ثُمَّ رَدَدْنَاهُ
أَسْفَلَ سَافِلِينَ ) {التين:٥}، واتە: پاشان
گێڕاومانەتەوە بۆ پلەی هەرەبەرەژێر، ئەوکات
دەبێتە دڕندەیەکی دارستان و
نرخی خۆی نازانێت،
بێجگە لەتێرکردنی ئارەزووەکانی هیچ
مەبەستێکی تری‌نیە، چونکە عەقڵ و
بیرکردنەوەی لەدەست داوە.

## ٣. دروست بوونی‌بەشێوەیەکی‌تایبەت:

خوای گەورە مرۆڤی بەشێوەیەکی تایبەت
دروست کردووە،
کە لەروحی تایبەتی خۆی فووی بەبەرداکردوو
ە، هەروەکو دەفەرموێ: ( فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ
فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ ) {ص:٧٢ و
الحجر:٢٩}، واتە: جا کاتێك دروستم کرد و

لەو گیان و ڕۆحەی کە من خاوەنی ئەوم، فووم پێداکردو گیان و ژیانم پێبەخشی ئێوەی فریشتە هەمووتان سووژدەی (ڕێزو تەقدیری بەفەرمانی من) بۆ بەرن.

دیارە روحیش لێرەدا نهێنیەکە تەنها خوای گەورە دەزانێ چییە، هەروەکو دەفەرمویێت: ﴿ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ {الإسراء:٨٥}، واتە: پرسیارت لێدەکەن دەربارەی"روح" گیان چیە؟ پێیان بڵێ: گیان تەنها خوای پەروەردگارم دەیزانێ، ئێوە لەراستیدا تەنها کەمێکتان لەزانست پێدراوە.

ئەو ڕێزلێنانەش تەنها بۆ مرۆڤە، چونکە خوای گەورە بەهیچ شێوەیەك بەدروست کراوەکانی دیکەی نەفەرمووە: جا کاتێك دروستم کرد و لەو گیان و ڕۆحەی کە من

خاوەنی ئەوم، فووم پێداکردو گیان و ژیانم پێبەخشی.

## ٤.کڕنووش بردنی مەلائیکەتەکان بۆ مرۆڤ:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا
بەمەلائیکەتەکانی فەرموو: سەجدە بۆ ئادەم ببەن
و، ئەوانیش سەجدەیان برد، کەواتە:
باوکی هەموو مرۆڤەکان سەجدە بۆ
براوی فریشتەکانە، هەروەکو دەفەرمویێت: (
فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ
سَاجِدِينَ (٧٢) فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ
(٧٣) {ص:٧٢-٧٣، الحجر:٢٩-٣٠}.

بەڵێ/ هەموو مەلائیکەتەکان
ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، سەجدەیان بۆ
ئادەم برد، دیارە لێرەشدا سەجدەی پەرستن نیەو
بەڵکو سەجدەی ڕێزلێگرتنە.

## مرۆڤ نە ئاژەڵە و نە خودایە .

ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێزی لە مرۆڤ گرتووەو وەکو ئاژەڵ سەیری نەکردووە، مرۆڤ لەئیسلامدا ئاژەڵ نیەهەرچەندە لەهەندێك خەسڵەتیشدا وەکو یەك بن، هەروەکو ئاژەڵیش لەهەندێك خەسڵەتدا وەکو رووەکە، بەلاَم پێناسەی ئاژەڵ ناکرێت بەوەی کەرووەکە، نەخێر ئاژەڵ شتێکەو رووەك شتێکیتر، وەمرۆڤ شتێکەو ئاژەڵ شتێکیتر، هەرچەندە لەهەندێك خەسڵەتیتایبەتیشدا بەشداربن .

هەروەها مرۆڤ خوداش نیە بپەرسترێت، کەواتە: هەندێ کەس بەچاوێکی زۆرکەم تەماشای مرۆڤیان کردووە، بۆیە بەئاژەڵیان داناوە، وەهەندێکیتر لەسنوری خۆیزۆر بەرزیان کردیتەوە، بۆیە بەخوایان داناوە.

مرۆڤ خودا نیەتا بپەرسترێت، هەرچەندەسیفاتیزۆر باشیشیهەبێت، زۆر

زیرەك و رۆشنبیر بێت، زۆر بەهێزو بەدەسەلاَت بێت، زۆر داناو ووریا بێت، زۆر لێهاتوو لێزان بێت، زۆر ئازاو چاو نەترس بێت... هتد، چونکەتەنها خودا شایەنیپەرستنەو مرۆڤیبێهێزو بێدەسەلاَت چ توانایەکیهەیەبەرامبەر هێزو دەسەلاَت و زانیاریو دانایی و لێزانیو گەورەیی خودا.

## مرۆڤ دروست کراوی خوای گەورەیەو رێزی لێگیراوە

مرۆڤ دروست کراویخودایەو رێزیهەیە، وەلەوشتانەیکەخودا رێزیلێگرتووەو تایبەتمەندیپێداوە، ئاوەدان کردنەوەیزەویبەمرۆڤ سپاردووە، هەرووەکو دەفەرموێ: ( هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا ) {هود :٦١}، واتە: خودا ئێوەی لەزەویدا پێگەیاندوەو بەدیهێناون، وەئاوەدانکردنەوەی زەویشی بەخۆتان

سپاردووه. پاشان لەوگەورەتر دەفەرموێ: ( وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ ) {الجاثية:١٣} ، واته: هەرچی لەناو ئاسمانەکان و زەویدا هەیەهەمووی‌بۆ ئێوەم مەیسەرکردووە.

کەواته: ئەوەی لەم بونەوەرەدایەلە " خۆرو، مانگ و، ئەستێرەکان و،دەریاکان و، رووبارەکان و، چیاکان و، درەختەکان و، شەوو، رۆژو... هتد، هەموویان موسەخەر کراوە بۆ مرۆڤ، ئەوەش دوو سودی هەیە بۆی:

١. ئەوەی لەم بونەوەرەدایە، مرۆڤ دەتوانێ سودیان لێ ببینێت وبۆ خزمەتی خۆی بەکاریان بێنێت، وەکو ووزەی خۆرو، ئاوو، هەواو، رووناکی... هتد.

٢. ئەم بونەوەرە راستە بۆ خزمەتی مرۆڤ دروست کراوە، بەڵام نابێت مرۆڤ بیانکاته

خوای خۆی و بیان پەرستێ، هەروەکو زۆر گەل و نەتەوەلەکۆن و لەئێستاشدا شتێك دەپەرستن کەبۆ خزمەتیان دروست کراوە، واتە: راستیەکانیان گۆڕیوە، مرۆڤی خزمەتکراو بووەتە خزمەتکار، گەورە بووەتەبەندەو کوێلە، ئەو شتانەی کەبۆ خزمەتیدروست کراوەدەیان پەرستێ!.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام هاتووەبۆ ئەوەی رێز لەمرۆڤ بنێت و پلەو پایەی بەرز بکاتەوە، هەر لەکاتی لەدایك بوونیتا مردنی، دوای مردنی، بەر لەدایك بوونی کە کۆرپەلەیەدەبێت مافەکانی بپارێزرێت، هەر لەبەر ئەمە ئایینی ئیسلام قەدەغەی کردووە دەست درێژی بکرێتە سەر کۆرپەلە، وەدایکەکانیش بۆیان نیەبەئارەزووی‌خۆیان رەفتار بکەن و کۆرپەکەیان (إجهاض) لەبار ببەن، هەرچەندەلەحەرامیش پەیدا بووبێ (٣)، بەتایبەتی‌کاتێك منداڵەکە چوار مانگ بەسەر

دەبات لەناو سکیدایکی،
وەقەدەغەی کردووە باوك ـ بەهەر هۆیەك بێت ـ
منداڵەکەی خۆی بکوژێت، کوڕەکەی یان
کچەکەی بکوژێت، لەترسی هەژاری بێت، یان
حەز نەکا کچەکەی بەشوو بدات، هەروەکو
عەرەبەکان لەسەردەمی نەفامیدا
کچەکانی خۆیان زیندەبەچاڵ دەکرد، یانیش
لەبەر هەر هۆیەکیتر بێت،
خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ
خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ
خِطْئًا كَبِيرًا ) {الإسراء:٣١} ، واتە:
منداڵەکانی خۆتان لەترسی لەبرسان مردن لەناو
مەبەن، ئێمەرۆزی ئەوانیش و ئێوەش دەدەین،
بەڕاستی کوشتنی ئەوان تاوانێکی گەورەیە.

وەدەربارەی زیندە بەچاڵ کردنیکچان
دەفەرموێ : ( وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ
وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ (٥٨) يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ
مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ

فِي التُّرَابِ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ ( ٥٩ )
{النحل: ٥٨-٥٩}، واته: هەر كاتێك مژدەیكچ
بۆ یەكێك لەبێباوەڕەكان بچێ، روخساریرەش
هەڵدەگەڕاو و خەم و خەفەت دایدەگرت،
لەناخۆشیو مەینەتیئەو هەواڵەیكەپێی دراوە،
سەریلێدەشێواو نەیدەزانیچ بكا،
بۆیەبیریدەكردەوەئاخۆ بەسوكایەتیبەخێویبكا،
یانیش زیندەبەچاڵیبكا؟ ئاگاداربن خراپترین
بڕیاربوو كەدەیاندا. هەروەها دەفەرموێت : (
وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ (٨) بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ (٩)
{التكوير: ٨-٩}، ئەو تاوانەگەورەیەش
كەبەرامبەر بەئافرەتان دەكرا، تەنها لەبەر
ئەوەبوو كەئافرەت بوو، ئەگەر نا هیچ
تاوانێكی تری نەبوو،
كە بەهۆیەوە زیندە بەچاڵ بكرێ...

بەڵێ/ ئایینی پیرۆزی ئیسلام گرنگیبەمرۆڤ
داوە، بەر لەدایك بوونی، كاتیلەدایك بوونی،
كاتیمنداڵی، كاتیگەنجایەتی، كاتیپیری،

کاتیمردنیپێویستەبشورێت و، کفن بکرێت و، نوێژیلەسەر بکرێت و، بنێژرێت و، وەسیەتەشەرعیەکانیجێبەجێبکرێت، قەرزەکانیشیپێش دابەش بوونیمیرات بدرێتەوە، وەحەرامەلاشەکەیبشێوێندرێت، هەرچەندەلەجەنگیش دابێت، هەروەکو حەرامەئێساقانەکانیبشکێندرێت و پارچەپارچەبکرێت (٤) ، وەبەخراپەباسیبکرێت وجوێنیپێبدرێت (٥).

ئایینیئیسلام رێزیلەمرۆڤ گرتووە، لەهەر شوێنێك بێت، لەهەر نەتەوەیەك بێت، لەهەر خاكێك بێت، هەر رەنگێك بێت، بەهەر زمانێك قسەبكات، هەروەكو خودا دەفەرموێ: ( وَمِنْ آَيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآَيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ ) {الروم:٢٢}، واتە: وەهەر لەنیشانەكانیئەوە- كەبەڵگەیەلەسەر گەورەیی خودا ـ دروست كردنیئاسمانەكان و زەویەو جیاوازیزمان و

ڕەنگ و ڕووتانە، کەلەمەدا بەڵگەزۆرن بۆ
زانایان.

ئیسلام ڕێزیلەمرۆڤ ناوە، لەهەر چینێك بێت،
لەچینیدەوڵەمەندان بێت، یان هەژاران، بەڵكو
لەئیسلامدا چینایەتینیە، هەندێك پڕ بن و
هەندێكیش قڕ، هەندێك گەمەو گاڵتەبەپارەو
سامانیخەڵك بكەن و هەندێكیش پارەیان دەست
نەكەوێ، هەندێك كۆشك وتەلاریگەورەبەرز
بكەنەوە، هەندێكیتریش خاوەن ژوورێك نەبن،
هەروەكو ئەم چینایەتیەلەكۆنەوەلەئەوڕوپاو
لەناو فارسەكان وهیندەكان هەبوو، هەوڵیان دەدا
بۆ دروست كردنیچینایەتی(طبقات) ، وەكو
چینیپیاوانیئایینیو چینیشەڕەف مەندان
و...هتد، هەر یەكێكیان
مافیتایبەتیخۆیهەبووە، تا ئێستاش
چینایەتیهەر ماوە، بەڵام لەئیسلامدا خەڵك
هەموو ڕێزلێگیراون، یەكسانن لەم ڕێزەدا،
جیاوازیئایین و بەرنامەو نەتەوە،

کاریگەری نیەلەم ڕێزەدا، جارێکیان جەنازەیەکیان هێنا بەلای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش تەشریفی هەستاوە، هاوەڵەکان گوتیان: ئەوە جەنازەی جولەکەبوو "ویستیان پێی بڵێن کەموسڵمان نەبوو" پێغەمبەر فەرمووی: ئەی نەفس نیە؟ (٦).

کەواتە: ئیسلام ڕێزی لەمرۆڤ گرتووەبەزیندووی و بەمردوویی، ئیسلام هاتووەبۆ ئەوەی پارێزگاری لەهەموو مافەکانی مرۆڤ بکات، مافەکانی ئایینی و دونیایی، ماددی و مەعنەوی، عەقڵی و لاشەیی، بۆ پاراستنی پێنج شتی گرنگ کەئەمانەن: "ئایین، گیان، عەقڵ، ناموس، ماڵ " ئەمانەپێیان دەگوترێ ( الضروریات الخمس) کە پێویستەهەموو تاکێك و نەتەوەیەك پارێزگاریان لێبکات.

ئەوەیکەلەرۆژئاوا بەماف دادەنرێت،
لەئیسلامدا بەئەرك وپێویست داندراوە، ئەوەش
لەراستیدا بەهێزترو گەورەترەلەماف،
چونکەماف زۆرجاران تەنازولیلێدەکرێت،
بەلاَم ئەرك کەداندراوە، پێویستەجێبەجێ بکرێت
و کەمتەرخەمیلێنەکرێت.

ئەگەر خوێندن و فێربوونیزانست،
مافیمرۆڤەکان بێت لەرۆژئاوا، ئەوا لەئیسلامدا
ئەرکەلەسەر هەموو موسڵمانێك پیاو بێت یان
ئافرەت، هەروەکو پێغەمبەر
(درودیخوایلەسەر بێت) فەرموویەتي : "
طلب العلم فريضة على كل مسلم " (٧)
وەئەگەر رەخنەو خۆنیشاندان ورێپێوان و
نارەزایی دەربڕین بەشێوەیەکیجوان و دوور
لەتوندوتیژی- دژیگەندەڵیو خراپەو ستەم -
مافیمرۆڤ بێت لەرۆژئاوا، ئەوەلەئیسلامدا
ئەرکەلەسەر موسڵمانان و دەچێتەبازنەیفەرمان
بەچاکەو رێگرتن لەخراپە، هەروەکو پێغەمبەر

(درودی‌خوای‌لەسەر بێت) دەفەرموێت : " من رأى منكم فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان " (٨) .

وەئەگەر بەرگری‌کردن لەخاك و نیشتمان، مافی‌مرۆڤ بێت لەرۆژئاوا، ئەوەلەئیسلامدا ئەرکەلەسەر موسڵمانان ـ هەرکاتێك دەست درێژیان کرا سەر ـ بەرگری‌لەخاك و نیشتیمانیان بکەن، هەروەکو خودای‌گەورەسەرزەنشتی‌بڕواداران دەکات و دەفەرموێت: ( وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَل لَنَا مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا وَاجْعَل لَنَا مِنْ لَدُنْكَ نَصِيرًا ) {النساء: ٧٥} ، واتە: ئەوەبۆچی‌ئێوەلەپێناو خوداو لەپێناو چەوساواندا ناجەنگن؟، ئەو چەوساوانەی لەپیاوان و ژنان و منداڵانەی‌کەدەڵێن: ئەی‌پەروەردگارمان

رزگارمان کەو دەرمان بهێنەلەم شارە، کەخەڵکەکەیستەم کارن و دەمان چەوسێننەوە، وەلەلای خۆتەوە پشتیوان و یارمەتیدەرێکمان بۆ بنێرە.

وەك دەبینین خوایگەروەزۆر بەئاشکرا، داوا لەباوەڕداران دەکا کەلەپێناو چەوساوان و ستەم لێکراواندا خەبات و تێکۆشان بکەن، بۆ ئەوەیگەل و نەتەوەیخۆیان رزگار بکەن، تا بەئاسوودەیی و بەئازادیبژین و کەس ستەمیان لێنەکات.

هەروەها دەفەرموێت :( إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنْتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا (٩٧) إِلَّا الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا (٩٨) فَأُولَئِكَ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَعْفُوَ

عَنْهُمْ وَكَانَ اللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا (٩٩) {النساء: ٩٧ـ٩٩} ، واته: ئەوانەی‌کەستەمیان لەخۆیان کرد، بەوەی‌کەستەمیان قەبوڵکردو لەدژی‌ستەم و زۆرداریدا نەجەنگان و هیچ هەڵویستێکیشیان نەبوو، ئا ئەمانەلەکاتی‌فریشتەی‌گیان کێشان کەدێنەلایان بۆ گیان کێشان، پێیان دەڵێن: ئێوەلەچبارێکدا بوون؟، واته: بۆ خۆتان بێدەنگ کرد لەئاست ئەو ستەمەدا و هیچ هەڵوێستان نەبوو؟، لەوەڵامدا دەڵێن: ئێمەلەزەمیندا زەلیل و بێ‌دەسەڵات بووین و توانای‌هیچ شتێکمان نەبوو، پێیان دەڵێن: ئەی‌زەمینی‌خودا گەورەو فراوان نەبوو تا کۆچ بکەن و بچنەجێگایەکی‌تر؟، ئا ئەمانەدۆزەخ دەبێتەجێگایان، کەخراپترین جێگایەبۆیان، تەنها ئەو پیاوو ژن و منداڵانەنەبێ‌کەبێ‌دەسەڵات و بێ‌هێز بوون و توانای‌هیچ شتێکیان نەبوو، جا نەخۆش و پەککەوتەبوون، یان هەر عوزرێکی‌شەرعی‌تریان هەبووبێ، ئا

ئەمانەخودا لێیان دەبووریێت و لێیان خۆش دەبێت، وەخودا زۆر بەخشندەو لێبووردەیە.

وەئەگەر مافیپەناهەندەیی و پەنادان و ڕۆیشتن لەولاَتێك بۆ وولاَتێکیتر کەتێیدا بەئاسودەیی و بەئارامیبژی، مافیمرۆڤ بێت لەرۆژئاوا، ئەوەلەئیسلامدا ئەرکەلەسەر موسڵمانان، یان گەورەیموسڵمانان ئەو مافەبدات، هەرکاتێك یەکێکیبێباوەڕ داوایپەنا هەندەیی بکا (٩) ، هەروەکو خودای گەورە دەفەرموێت: ( وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ ) [ التوبة : ٦] . واتە: هەرکاتێك یەکێك لەهاوبەش پەیداکەران، داوایپەنادانیکرد، پەنایبدە، با فەرموودەیخودا ببیستێ، بۆ ئەوەیدڵینەرم بێو موسڵمان بێت، پاشان بینێرەبۆ ئەو شوێنەیکەنەترسێوئەمین بێ، ئەوەلەبەر ئەوەیە، چونکەئەوان گەلێکن نازانن.

وەئەگەر ئازادیڕادەربڕین و
ئازادیبیرکردنەوەو ئازادیئایین، مافیمرۆڤ
بێت لەرۆژئاوا، ئەوەلەئیسلامدا
خوایگەورەپێش ئەوان ئەو ئازادیەیبەهەموو
کەسێك داوە، هەروەکو دەفەرموێ: ( وَقُلِ الْحَقُّ
مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ )
{الكهف:٢٩} ، واتە: ئەوەی حەز دەکا با بڕوا
بێنێ، ئەوەیحەزیش دەکا با بێبڕوا بێت.
وەدەفەرموێت: ( إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا
وَإِمَّا كَفُورًا ) {الإنسان:٣}

وەبۆ وەرگرتنیئیسلام زۆرەملیو تۆبزینیە،
هەروەکو دەفەرموێت: ( لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ
تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ ... ) {البقرة:٢٥٦}، ئەم
ئایەتەش هەروەکو توێژەرەوانیقوڕئان
دەفەرموون ـ هەرچەندەحوکمەکەشیگشتیەـ :
(دەربارەیپیاوێکیئەنساریهاتۆتەخوار
کەلەنەوەی(سالم) کوڕی(عوف) بوو، دوو
کوڕیگاوریهەبوو، بەخۆشیموسڵمان بوو،

ویستیبەزۆر بیانکاتەموسڵمان، جا ئەم ئایەتەپیرۆزەهاتەخوار) (١٠).

ئەم ئایەتە پیرۆزە لەسوڕەتی (البقرة) یەو لەشاری مەدینە هاتۆتە خوار، لەو کاتەی کە دەوڵەتی ئیسلامی هەبوو، موسڵمانان خاوەن هێزبوون، لەگەڵ ئەوەشدا خوایگەورەقەدەغەیان دەکا، کەبەزۆرییەکێك بکەنەموسڵمان، ئەیئەگەر موسڵمانان دەوڵەتیان نەبوو، یان خاوەن هێزێکیکەم بوون، بێگومان ئەوکاتیتاوانیزیاترەیەکێك بەزەبریشمشێر بکرێتەموسڵمان...

کەواتە: تۆبزیکردن نیەلەوەرگرتنیئیسلامدا، دەبیٚمرۆڤەکان سەرپشك بن و نابێت زۆریان لێبکرێت و ئازادیان زەوت بکرێت، تەنانەت خوایگەورەئەو مافەینەداوەتەپێغەمبەر (درودیخوایلەسەر بێت)، هەروەکو دەفەرموێت : ( وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآَمَنَ مَنْ فِي

الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ ) {يونس: ٩٩}، واته: ئەگەر پەروەردگارت بیویستبا کەخەڵکیبەزۆریبڕوا بێنن، ئەوا هەموو ئەوانەیکەلەسەر زەوین تێکڕا بڕوایان دەهێنا، جا ئایا تۆ ئەی(محمد) ((درودیخوایلەسەر بێت)) زۆر لەخەڵکیدەکەیتاوەکو بڕوا بێنن؟...

وەك دەبینین خوایگەورەزۆر بەڕوونیڕەفزیئەوەدەکا، کەتەنانەت پێغەمبەریش (درودیخوایلەسەر بێت) مافیتۆبزیلێکردنیخەڵکیهەبێت بۆ بڕوا هێنان، چونکەئەگەر خوایگەورەویستبایبەزۆر بڕوا بهێنن، ئەوا هەموویان بڕوایان دەهێنا، بەڵام کەخوا نەیویست تۆ زۆر لەخەڵك دەکەیکەبڕوا بێنن؟ واتە: بۆت نیە...

بەڵێ/ ئەوەیەئایینیپیرۆزیئیسلام، وەموسڵمانەکان بەکردەوەجێبەجێیان کرد،

چونکەئیسلام فەلسەفەیەکیرووت و بیرکردنەوەیەکیووشك و خەونێکیخەیاڵینیە، بەڵکو بەرنامەیژیانیمرۆڤە، لەمزگەوتدا، لەنوێژدا، لەحەجدا، دەبینیهەموو وەکو یەکن و هیچ جیاوازیەك نیەلەنێوانیاندا، مەگەر بەتەقواو لەخواترسان نەبێت...

وەپێغەمبەریش (درودیخوایلەسەر بێت) ئەمەیجێبەجێکردو رێسایەکیبۆ هەموو موسڵمانان داناو فەرموویەتی: ( وأيم اللهِ لوْ أنَّ فاطمة بنت محمدٍ سَرقت لقطعتُ يدَها ) (١١)، واتە:سوێند بەخوا ئەگەر (فاطمە) یکچی(محمد) دزیبکا دەستیدەبڕم (١٢).

شورەیحی قازیو پێشەوا (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب) (رەزای خودایان لێبێت) ئەمە مشتێکە لەخەروارێك، نمونەکە لە سەدەها نمونەیدادپەروەریو دادگەری لە ئیسلامدا...

شورەیحی‌قازی(ڕەزای‌خودای‌لێبێت) (٦٥) ساڵ‌لەشاری‌کووفەدا قازیایەتی‌بەزاراوەی‌ئەمڕۆ دادوەری‌کرد، ئەوەش بەفەرمانی‌پێشەوا (عمر) کوڕی(خطاب) (ڕەزای‌خودای‌لێبێت) بوو، لەو کاتەدا کەزانی‌مرۆڤێکی‌خواناس و دادپەروەرو زاناو چاکەکارو خاوەن ڕەوشتێکی‌بەرزەو جیاوازی‌ناکا لەنێوان هیچ کەسێکدا.

ڕۆژێکیان پێشەوا (علي) کوڕی (أبو طالب) [ (ڕەزای‌خودای‌لێبێت) زرێیەکی‌بزر کردبوو، کەزۆر لەلای‌خۆشەویست بوو، لەپاشان زۆری‌نەخاياند زرێیەکەی‌لەدەستی‌جولەکەیەك بینی، دەیویست بیفرۆشێ‌لەبازاڕی‌کووفە، جا پێشەوا (علی) کەزرێیەکەی‌بینی‌ناسیەوەو پێی گووت: ئەو زرێیەهی‌منەو لە فلانەشەوو لەفلانەشوێن لێم بزر بووە، جولەکەکەگووتی: نەخێر، ئەوەزرێی منە، ئەی‌ئەمیری‌بڕواداران، (علی) فەرمووی: ئەوەزرێی منە،

چونکەبەکەسم نەفرۆشتووەو بەکەسم نەبەخشیوەتا بگاتەدەست تۆ...

ئینجا دەبێتەمشت و مڕیان، پاشان بڕیار دەدەن بچنەلای(شوڕەیح).

هەر دووکیان دەچنەلای(شوڕەیح)، (شوڕەیح) روو لەپێشەوا (علي) دەکات و دەڵێ: چ دەڵێی، ئەیئەمیری بڕواداران؟

لەوەڵامدا دەڵێ: من زرێی خۆم بزر کردبوو لەفلانە شوێن، ئێستاکەش دۆزیمەتەوە لە لای ئەو جولەکەیە، وەمن دڵنیام لەوەی کەئەو زرێیەهیمنە، و ئێئەو جولەکەیەنیە، چونکەنەم فرۆشتووەونەم بەخشیوەبەکەس تا بچێتەدەستی.

ئینجا (شوڕەیح) رووی لەجولەکەکەکرد، بۆ ئەوەی مافی قسەکردنی پێبدات و

بەرگری لەخۆی بکات و، رای خۆی دەرببڕێ،
پێی گووت: تۆ چ دەڵێی؟

جولەکەکەگووتی: ئەوەزرێ منەو،
ئەمیریبڕواداارانیش تاوانبار ناکەم بەدرۆ...

پاشان (شورەیح) ڕووی لە(علي) کردو پێی
گووت: هیچ گومانیتێدا نیەکەتۆ راستگۆی
لەقسەکانت، بەڵام دەبێدوو شایەتت هەبێ.

(علي) فەرمووی: بەڵێ: دوو شایەتەکەم،
یەکەمیان قەنبەری بەندەمەو، دووەمیانیش
حەسەنی کوڕمە...

(شورەیح) گووتی: ئەی ئەمیری بڕواداران،
شایەتی کوڕ بۆ باوکی دروست نیە، چونکە
زۆربەی وایە کوڕ بۆ
بەرژەوەندی باوکی شایەت دەدات و
لەدژی راناوەستێ.

(علي) فەرمووی: (سبحان الله) پاك بێگەردی بۆ خودا، پیاوێك کەگەورەی گەنجەکانیبەهەشت بێت و شایەتیشی دروست نەبێ!، ئەی نەت بیستووە کەپێغەمبەر ((دروودی خوای لەسەر بێت)) فەرموویەتی: (الحسن والحسن سیدا شباب أهل الجنة؟ ) (١٣) واتە: حەسەن وحوسەین گەورەیگەنجەکانیبەهەشتن.

(شورەیح) گووتی: بەڵێ: بیستوومە، بەڵام شایەتی دانیکوڕ بۆ باوك دروست نیە، (چونکەزۆربەیوایەکوڕ بۆ بەرژەوەندیباوکیشایەتیدەدا نەك لەدژیدا، بۆیەدروست نیە).

ئینجا پێشەوا (علی) کەزانیحوکمەکەوایە، روویلەجولەکەکەکردو گووتی: زرێیەکەببە، چونکەمن هیچ شایەتم نیەجگەلەوانە.

جولەکەکە سەری سوڕما لەو حوکمە!، چۆن دادوەرێکی موسڵمان لەبەردەم دادگا لەدژی خەلیفەی ئیسلام بڕیار دەدات، لەکاتێکدا کەزۆر باش دەزانێ هەق بەلای ئەوەو ئەو خاوەن مافەو من خاوەن هەق نم!

ئەمەچ حوکمێکە!، لەچ دەوڵەتێك و لەکام یاسایئەم دونیایەدا شتیوا هەیە!

بۆیەروو لەپێشەوا (علی) دەکات و دەڵێ: شایەتیئەدەم کەئەم زرێیەهیتۆیە، وەشایەتیئەدەم کەئەم ئاینەهەق و راستە( أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله) شایەتیئەدەم کەتەنها خودا شاەنیپەرستنەو موحەممەدیش بەندەو پێغەمبەریخودایە.

ئینجا بە(شورەیح) دەڵێ: بزانەئەیقازی، ئەوەزرێی ئەمیریبڕواداران، وەمن

دۆزیمەوەلەو کاتەیکەلەسەر
پشتیووشترەکەیبەربۆوە.

پێشەوا (علی) یش زۆر دڵخۆش
دەبێبەموسڵمانبوونی، بۆیەزرێیەکەو
ووشترەکەی پێشەکەش دەکا.

پاشان
جولەکەکەبەهۆیموسڵمانبوونیژیانیدەگۆڕێت
و دەبێتەخەباتکارێکیئیسلام و بەشداریدەکا
لەجەنگی(نەهرەوان) (١٤) ، تا لەئەنجامدا
شەهید دەبێلەپێناو بەرگریکردن لەئیسلامدا
(١٥).

## شارستانیەتی رۆژئاوا و مافەکانی مرۆڤ

شارستانیەتیرۆژئاوا
هەمیشەپڕوپاگەندەیمافەکانیمرۆڤ دەکا، بەڵام
لەراستیدا تەنها
گرنگیبەمافەکانیهاوڵاتیخۆیدەدا،

هاوڵاتیخۆیڕێزیلێگیراوەو مافەکانیدابین کراوە، هەموو هاوڵاتیەك مافەکانیخۆیدەزانێبەپێی دەستوریووڵات، لەهەمان کاتیشدا ئەویش دەبێڕێز لەیاسا بگرێت...

هاوڵاتیخۆیهەموو مافێکیپارێزراوە۔ جگەلەجیاوازیرەگەزپەرستیو جیاوازیرەنگ ۔ (١٦)، بەڵام هەرکاتێك هاوڵاتیەکەلەشاریخۆیچووەدەرەوە، مافەکانیپارێزراو نابێ...

ئێستا (٦٠) ساڵزیاتر تێپەڕیوەلەسەر دامەزراندنی" جاڕنامەیگەردوونیبۆ مافەکانیمرۆڤ " (الإعلان العالمي لحقوق الإنسان) ، دەپرسین لەو ماوەدا چەند مافەکان دابین کراوە، چەندیان پێشێل کراوە؟ چەند خوێن بەناڕەوا رژاوە؟ چەند ماڵو سامان زەوت کراوە؟ چەند نیشتمان داگیر کراوە؟ چەند خەڵك

دەربەدەر کراوە؟ چەند شارو دێهات وێران کراوە؟...

بەتایبەتیئێمەیموسڵمان، لە"فلسطین" هەر لەساڵی(١٩٤٧ و ١٩٤ ) و تا ئێستاش دەست درێژیو قەتل و عامیجولەکەبۆ موسڵمانەفەلەستینییەکان هەر بەردەوامە...

ئینجا لەم دواییانەدا ڕووداوەکانی شاری غەززە لای هەموو کەسێکی خاوەن ویژدان ڕوون وئاشکرا بوو کەهێزەدڕندەو خوێنڕێژەکانی ئیسرائیل بەپاڵپشتی ئەمریکا چیان لەو گەلەموسڵمانەبێتاوانەکرد، بەهەموو جۆرەچەکێك لەدژیان ڕاوەستان، ویژدانیهەموو کەسێکی خاوەن ویژدانیجولاند، دانیشتوانیان بەخوێن سوور کرد، سەدەها منداڵو ئافرەتی بێتاوانیان خەڵتانی خوێنکرد، زیاتر لە(١٠٠٠) کەسیان شەهید کردوو زیاتر لە(٥٠٠٠) هەزار کەسیان

بریندار کرد، شارەکەیان کاولکردوو دایان پۆشی بەدووکەڵی تەماوی‌بەبۆمبی قەدەغەکراو، قەسابخانەیەکی وایان دامەزراند لەمێژوودا وێنەی کەمە، مەگەر نمونەی هۆلاکۆ و مەغۆلەکان و نازیەکان و سەددام.

لە(کۆسۆفۆ)، لە(بۆسنەو هەرسك)، لەناو ئەوڕوپا، لەناو پڕوپاگەندەی‌دیمکڕاسیەت و مافەکانی‌مرۆڤ، زیاتر لە(٧٠) هەزار موسڵمان قەتل و عام کران، و زیاتر لە(٥٠) هەزار ئافرەتی‌موسڵمان دەست درێژی‌ناموسیان کرایەسەر...

دیارەنمونەزۆرن لەموسڵمانانی‌جیهان کەچۆن مافیان پێشێل دەکرێت و هیچ بایەخێکیان پێنادرێت، ئینجا جێی خۆیەتی‌لەناو میللەتانی‌موسڵماناندا
باسی‌مەزلومیەتی‌میللەتی‌خۆمانیش بکەین،

کەتەنها خوایگەورەدەزانێکەچیکراوەبەسەر میللەتیموسڵمانیئێمە...

دیارە لێرەدا لەدوای بێدەنگ بوونی ووڵاتانی رۆژئاوا بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریەی کە بەرامبەر ئێمەدا کرا، جێی خۆیەتی گلەیی و ئیدانەی ووڵاتانی ئیسلامی وعەرەبی بکرێت، لەبەر بێدەنگ بوونیان ...

وەئایینی پیرۆزی ئیسلام هەروەکو باسمان کرد مافیهەموو مرۆڤێکیداوە، وەدەست درێژیو ستەم لەهیچ کەسێك ناکات، ورازی نیە هیچ کەسێك زوڵمی لێبکرێت،چ جایئەوەیگەل و نەتەوەیەکی(٤٠) ملیۆنیزیاتر زوڵمیلێبکرێت ومافەکانی پێشێل بکرێت، تەنانەت لە ئیسلامدا مافەکانی ئاژەڵان وباڵندەکان پارێزراوەو حیسابیان بۆ کراوە...

بەڵێ/ ئێمەی موسڵمان خوێنمان بووەتە بێنرخترین وهەرزانترین خوێن لەجیهاندا، خاك و نیشتمانمان بووەتە موڵك
ومیراتی داگیرکەران، کوا مافەکانمان؟...

مرۆڤ لەسەردەمی مافەکانی مرۆڤ لەزۆربەی ووڵاتاندا مافەکانی پێشێل کراوە، "رێکخراوی لێبوردنینێو دەوڵەتی" (منظمة العفو الدولية) رایگەیاندووە کەیەك لەسەر سێی جیهان چەوساوەن وستەم لێکراون ومافیان پێشێل کراوە، ئەوەش کارەساتێکیگەورەیە...

لەسەردەمی مافەکانی مرۆڤ هەقمانە بگرین بۆ خاك و ووڵاتمان، بۆ کوردستانی پارچە پارچە کراومان، بۆ ئەنفال و کیمیاباران، بۆ وێران کردنی شارو دێهاتەکانمان، بۆ ئەو براو خوشکانەی کەوا تۆزی رێگاکان پێخەفیان بوو، بەردەکان سەنگەریان بوو، ئەشکەوتەکان جێگای حەسانەوەیان بوو، بۆ ئەوانەی

كەداوای مافەرەواکانی خۆیان دەکەن وکەسیش نیە یارمەتیان بدات وداواکانیان جێبەجێ بکات...

ئەگەر مرۆڤێکی رۆژئاوایی بکوژرێت، یان بڕفێندرێت، یان نینۆکێکی بقرتێندرێت، ئەوا دونیا هەمووی لەبەری هەڵدەسێتەوە وداوای مافەکانی دەکات، داوای تۆڵە دەکات، داوای ئازادکردنی دەکات، داوای ریزگرتنی دەکات، نەك هەر ئەوە، لەوەش زیاتر خوێنی مێش ومەگەزو پێشکەوسەگ وباڵندەکان لەلای ئەوان رێزی هەیە ورەوا نیە بکوژرێ، بەڵام رۆژێ بەهەزارەها موسڵمان بکوژرێن وخاك و نیشتمانیان داگیربکرێت، کەس باسیان ناکات وکەس پێیان نازانێ وکەس لەسەریان بەدەنگ نایەت، وەکو شاعیر دەڵێت: (قتل شخص يهودي في غابة لا تغتفر، وإبادة شعب أعزل قضية فيها نظر) واتە: کوشتنی کەسێکی جولەکە لە دارستاندا، تاوانێکەو لێخۆشبونی نیە،

بەڵام لەناوبردنی گەل ونەتەوەیەکی بێ دەسەڵات، کێشەیە کە تێڕوانینی لەسەرەو پێویست بەچەندەها کۆبونەوەو دانیشتن دەکا، جا بەڕاستیئەو دێرەشیعرە زۆرباش لەسەر واقیعی موسڵمانانداندا دەچەسپێ، کودەواریش دەڵێت: بانێکەو دوو هەوایە، بەڵام لەرۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا دەبی بڵێین: بانێکەو پەنجا هەوایە.

## ئایا ئەوە مافەکانی مرۆڤە؟

ئەی خەڵکینە کوا مافەکانی مرۆڤ، لەسەردەمێکدا کەبەهێز بێ هێز دەکوژێ، بەدەسەڵات بێدەسەڵات لەناو دەبا، ئەم جیهانە بووەتە دارستانێك، دڕەندەکان نێچیرەکان دەخۆن، بووەتەدەریایەك ماسیگەورەماسیبچووك دەخوا... ئایا ئەوەمافەکانیمرۆڤە؟

لەکۆتاییدا جێی خۆیەتی گلەیی و گازاندە لە خۆمانیش بکەین، پێش ئەوەیلەرۆژئاوا بکەین، چونکە ئێمە بەخۆمانیش مافەکانی یەکترمان پێشێل کردووە، لەگەڵ یەکتری کۆك و تەبانین، یەکتری بەناڕەوا دەکوژین، ستەم و زۆرداریدەکەین، ماڵی یەکتری زەوت دەکەین، کەس خەم لەکەس ناخوات، هەرکەسەبۆ بەرژەوەندی خۆی هەوڵدەدات و دەڵێ: (نفسی نفسی)، دیاردەی خۆپەرستیو خەڵك نەویستی لە ناومان یەکجار زۆر بووە، ئەوە لەراستیدا کارەساتێکی گەورەیە بەسەرماندا هاتووە، رزگاربوونمان بۆ نیە، تەنها بەگەڕانەوە بۆ لای خودا نەبێ، هیوادارم هەموومان بەخۆدا بچینەوەو مافەکانی یەکتر پێشێل نەکەین...

## پەراوێزەکان

(١) متفق عليه، بخاري ٦١٩/٢، رقم الحديث (١٦٥٢) واللفظ له، ومسلم ٨٨٦/٢، رقم الحديث (١٢١٨).

(٢) رواه الإمام أحمد في المسند ٤١١/٥، (٢٣٥٣٦)، والطبراني في المعجم الأوسط ٨٦/٥، (٤٧٤٩)، والبيهقي في شعب الإيمان ٢٨٩/٤، (٥١٣٧) إسناده صحيح.

(٣) بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر ((درودیخوایلەسەر بێت)) فەرموویەتی دەربارەی ئافرەتە غامیدیەکە (المرأة الغامدية) کە زینای کردبوو: پێی فەرموو: بڕۆ تا منداڵت دەبێت... پاشان فەرمووی: شیریبدێ تا لەشیر دەبێتەوە... تا کۆتایی فەرموودەکە کە منداڵەکە هیچ تاوانی نەبوو، بۆیەئەو کات سزای لێدەر نەکرد. {رواه مسلم باب: حد الزنا ١٣٢١/٣، (١٦٩٥)}.

(٤) بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر ((درودی‌خوای‌لەسەر بێت)) دەفەرموێ: (كسرُ عظم الميت ككسره حياً)، واته: شکاندنی ئێسکی مردوو، وەکو شکاندنی بەزیندوویی وایەو حەرامە. {رواه أبو داود ٢٣١/٢، (٣٢٠٧)، وابن ماجة ٥١٦/١، (١٦١٦)، وأحمد ١٠٠/٦، (٢٤٧٣٠)، وابن حبان ٤٣٧/٧، (٣١٦٧)، والدار قطني ١٨٨/٣، (٣١٢)، والبيهقي ٥٨/٤، (٦٨٧٠) وهو حديث صحيح}.

(٥) هەروەکو پێغەمبەر (درودی‌خوای‌لەسەر بێت) فەرموویەتی: (لا تسبّوا الأمواتَ، فإنهم قد أفضوا إلى ما قدموا)، واته: جوێن بەمردووی‌موسڵمانان مەدەن و بەخراپەباسیان مەکەن و بەچاکەباسیان بکەن، چونکەئەوان ئەگەر بەهەشتی‌بن، ئەوا تاوانبار دەبن ئەگەر بەخراپەباسیان بکەن، وەئەگەر دۆزەخیش بن، ئەوا خۆی و کردەوەی‌خۆیان.{رواه البخاری ٤٧٠/١، (١٣٢٩)، والترمذی ٣٥٣/٤،

(١٩٨٢)، والنسائي ٥٣/٤، (١٩٣٦)، وأحمد ٢٥٢/٤، (١٨٢٣٤)، والدارمى ٣١١/٢، (٢٥١١)، وابن حبان ٢٩٠/٧، (٣٠٢١)، والحاكم ٥٤١/١، (١٤١٩) وغيرهم وهو حديث صحيح}.

(٦) متفق عليه، بخاري ٤٤١/١، (١٢٤٩)، مسلم ٦٦٠/٢ـ٦٦١، (٩٦٠ـ٩٦١).

(٧) رواه ابن ماجه٨١/١، (٢٢٤)، والطبرانى فى المعجم الكبير ١٩٥/١٠، (١٠٤٣٩)، والمعجم الأوسط ٧/١، (٩)، والمعجم الصغير ٣٦/١، (٢٢)، والبيهقي فى شعب الإيمان ٢٥٣/٢، (١٦٦٣)، وصححه الألبانى.

(٨) رواه مسلم٦٩/١، (٤٩)، وأبو داود ٣٦٦/١، (١١٤٠)، والترمذى ٤٦٩/٤، (٢١٧٢) وقال هذا حديث حسن صحيح، والنسائي ١١١/٨، (٥٠٠٨)، وابن ماجة٤٠٦/١، (١٢٧٥)، وأحمد ١٠/٣،

(١١٠٨٨)، وابن حبان ٥٤١/١، (٣٠٧) وغيرهم وهو حديث صحح .

(٩) بەمەرجێك هاتنیبۆ ناو موسڵمانان بۆ کاریسیخوڕیو جاسوسیـنەبێ، ئەگەر هاتوو زاندرا بۆ کاریسیخوڕیهاتووە، ئەوەسزا دەدرێ، یان بەلایەنیکەم ڕەوانەیوڵاتیخۆیدەکرێتەوە.

(١٠) بڕوانە: ( تفسير القرآن العظيم: للإمام الحافظ إسماعيل بن كثير القرشي الدمشقي (٧٠٠-٧٧٤هـ)، ط١، ١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤م، مكتبة الصفا: ٣٦٢/١-٣٦٣).

(١١) متفق عليه، بخاري ١٢٨٢/٣، (٣٢٨٨-٦٤٠٦)، ومسلم ١٣١١/٣، (١٦٨٨) ، فەرموودەکەسەرەتایەکەیبەم شێوەیە: قوڕەیش دڵتەنگ بوون دەربارەیئەو ئافرەتەمەخزومیەیکەدزیکردبوو، گوتیان: کێهەیەبتوانێبچێتەلایپێغەمبەر

(درودی‌خوای‌لەسەر بێت) مەگەر (أسامة) ی‌کوڕی(زید) نەبێ، کەخۆشەویستی‌پێغەمبەرە((درودی‌خوای‌لەسەر بێت))، ئینجا (أسامه) چووەخزمەت پێغەمبەر بۆ تکاکردن، پێغەمبەری‌خوداش تووڕەبوو فەرمووی: ئایا لەسزایەك لەسزاکانی‌خودا تکا دەکەی؟ پاشان هەستاوەو وتاری‌بۆ دان و فەرمووی: گەلەکانی‌پێش ئێوەلەبەر ئەوەلەناوچوون، چونکەئەوان ئەگەر یەکێکی‌بەدەسەڵات و بەهێز دزی‌کردبا، وازیان لێدەهێنا، بەڵام ئەگەر یەکێکی‌بێ هێز دزی‌کردبا، سزایەکەیان لەسەر دەچەسپاند، سوێند بەخوا ئەگەر (فاطمه) ی‌کچی(محمد) دزی‌بکا، دەستی‌دەبڕم.

(١٢) هەندێ‌کەس لەوانەی‌کەنەیاری‌ئیسلامن، بەکرچ و کاڵی‌و بەهەڵەئەو فەرموودەپیرۆزەراڤەدەکەن، گوایەپێغەمبەر (درودی‌خوای‌لەسەر بێت) کەسێکی‌بەبەزەیی و

بەمیهرەبان نەبووە، ئەگەر نا چۆن دەستیکچیخۆیدەبڕێت؟.

لەوەڵامدا بەکورتیدەڵێین: پێغەمبەر (درودیخوایلەسەر بێت) زۆر بەبەزەیی و بەمیهرەبان بووە، بەتایبەتیبەرامبەر بەمندالْەکانی، ئەو فەرموودەشیکەفەرموومەبەستیئەوەنەبووەدەستیکچیخۆیببڕێ، چونکەباش دەزانێکەفاتیمەیکچی(ڕەزایخودایلێبێت) دزیناکات و کچێکیزۆر بەرەوشت و دەست پاکە، بەڵکو مەبەستیئەوەبووەکەموسڵمانان حالْیبکا کەجیاوازینەکەن لەبڕیاردانەدا لەنێوان هیچ کەسدا، لەنێوان دەوڵەمەندو هەژاردا، لەنێوان بەدەسەڵات و بێدەسەڵاتدا، لەنێوان کوڕیان کچیبەرپرسێك لەگەڵیەکێکیئاسایی تردا، ئەوەش دادپەروەریئیسلامە، جا ئەگەر ئەم دادپەروەریەجێبەجێبکرێلەناو ئێمەدا، بۆ بارودۆخمان بەو دۆخەیئێستادا دەبوو؟، کوڕو

کچەکانی هەندێ لەبەرپرسەکان بوونەتە عەنتەرو رامبۆ کەس ناوێری پێیان بڵێ: پشتی چاوتان برۆیە.

(١٣) رواه الترمذي ٥/٦٥٦، (٣٧٦٨، ٣٧٨١)، وابن ماجة ١/٤٤، (١١٨)، وأحمد ٣/٣، (١١٠١٢، ١١٦١٢، ١١٦٣٦، ١١٧٩٤، ٢٣٣٧٧، ٢٣٣٧٨)، وابن حبان ١٥/٤١١، (٦٩٥٩، ٦٩٦٠)، والحاكم ٣/١٨٢، (٤٧٧٨، ٤٧٧٩، ٤٧٨٠، ٥٦٣٠) والحديث صحيح صححه الألباني في الجامع الصغير وزيادته ١/٥، (٤٧).

(١٤) جەنگی نەهرەوان: جەنگێك بوو روویدا لەنێوان پێشەوا (علی) و خەواریجەکان.

(١٥) بڕوانە: سير أعلام النبلاء وبهامشه أحكام الرجال من ميزان الإعتدال في نقد الرجال، كلاهما: للإمام شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي، ط١، ١٤٢٤هـ - ٢٠٠٣م، مكتبة

الصفا ـ القاهرة ـ: ٤/٥٤ـ٥٧، البداية والنهاية: للإمام ابن كثير، خرج أحاديثه: أحمد بن شعبان بن أحمد ـ محمد بن عيادي بن عبد الحليم، ط١، ١٤٢٣هـ ـ ٢٠٠٣م، مكتبة الصفا: ٩/١٩ـ٢٢، تأريخ الخلفاء: للإمام عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي، مطبعة السعادة ـ مصر ـ، ط١، ١٣٧١هـ ـ ١٩٥٢م، تحقيق: محمد محي الدين عبد الحميد: ١/١٥٧، تهذيب الأسماء واللغات: للإمام النووي: ١/٢٤٣، وفيات الأعيان: لابن خلكان: ٢/١٦٧ـ١٦٨.

(١٦) دیارەلەئەمریکا بەم دواییانەدا هەندێگۆڕانکاریان کردووەلەسەر جیاوازیڕەنگ، بۆ نمونەئۆبامایڕەش پێست بووەیەکەم سەرۆکیڕەش پێستیئەمریکا، کەکاتیخۆیڕەش پێستەکان بۆیان نەبوو خۆیان بۆ ئەم پۆستەکاندید بکەن، بەهەر حاڵمەبەستیمن ئەوەیەکەئەم جیاوازیەهەیە، جا لەهەندێوڵات کەئەمەیان لابردووە، بێگومان

کارێکیچاکیان کردووە، بەڵام هێشتا بەتەواوەتیئەم رەگەز پەرستیەلەهەموو وڵاتانیرۆژئاوا بنەبڕ نەکراوە.